# هەربۆیە پێویستە یادی 8ی مارت ساڵانە بکرێتەوە

بارزان شوان سوید
uvnbas@hotmail.com



زۆر هۆکاری رادە بەدەر گرنگ هەن کە دەبنە پاڵپشتێک بۆ یادکردنەوەی رۆژی جیهانی ژنان، یەک لەو هۆکارە بنەڕەتیانە سەلماندنی توانای پێکەوە ژیانی نێرومێیە، هەروەها دانپێهێنانێکی راستەوخۆیە کە پیاوان بە تەنها ناتوانن گشت دەسەڵاتەکان بۆ خۆیان بقۆزنەوە، تاناو نەفرین کردنی ئەو کەسانەیە کە تا ئەورۆش هەر پێیان وایە دەبێت پیاوان بە پێی ئەو قانونانەی کە خۆیان بۆ ژنانیان دارشتوە هەر بە سەریاندا زاڵ بن و ئەوانیش هەر دەبێت وەک پەرستگایەک روو لە پیاوان بکەن و داوای دڵ نەرمی و سۆزیان لێ بکەن و بپارێنەوە بەڵکو ئەوانیش بە مەرحەمەتی خۆیان بە چاوێکی پڕ بە بەزەییەوە تێیان بنوارن .

رۆژی جیهانی ژنان یەکەم جار لە 8ی ئازاری ساڵی 1921 دا لە لایەن کۆمەنیستەکانی سۆڤیەتیەوە دامەزرێنرا، بۆ جاری یەکەمیش لە کۆبنهاگنی پایتەختی دانیمارکەوە لە کۆفرانسێکی سەر بە ژنانی سۆسیالیستەو لە ساڵی 1910دا ناوی براو مافی دەنگدانی ژنان لەو ساڵانەدا خەریک بوون تاوتوێ دەکران.

لە ساڵی1975دا نەتەوەیەکگرتوەکان پێشنیاری جەژنی جیهانی ژنانی ئاشکرا کرد، ئەم رووداوە وای کرد کە رێکخراوە مەدەنیەکانی سەر بە ژنان هەر لەو رۆژەوە بەشداری شایی دامەزراندنی رۆژی جیهانی ژنانیان ساڵانە گێڕاو سەرفرازانەش یادیان کردەوە.

بەر لە 95 ساڵ ئەم جێژنەیە بۆ یەکەم جار گێردرا، ژنانی گشت جیهان پێکەوە لەم رۆژەدا خوازیارەکنیان سەبارەت بە یەکسانی و هاودەنگی خستە رووی پیاوانی سیاسەتمەدارەوە. ئەوان بە ئاشکرا بیروراکانیان سەبارەت بە ئازادی و سەربەخۆیی کۆمەڵگایان بە دوور زانی ئەگەر هاتوو ژنان یەکێک لە بەشداربوەکانی نەبێت، هەر لە ساڵی 1911 وە هەتاوەکو ئەورۆ گەلێک گۆڕانکاری لەسەر خواستەکانی ژنان هاتوونەتە دی، بەڵام هەتاوەکو ئەورۆش دووچاری گرفیتی مانەوەی مرۆڤایەتین لە سەر رووی ئەم زەمینە بەرینەدا.

دوابەدوای روخاندنی پەیمانی وارشۆ وامان دەزانی کە ئیدی جارێکی تر تیرۆری یەکسانبووی زلهێزە نێو دەوڵەتیەکان نەمان و خاپوور کران و مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ دوا جار چی دی دژوار نیە لە سەر مانەوەی گەلانی جیهان . بیروراکان وای دەردەخست کە ئەو مەترسیە ناوبراوە ئیتر پێویست ناکات هێندە ناو ببرێت، بەڵام لە راستیدا ئێمە بە هەڵەدا چووبووین، وا دەبینین چلۆن کۆریای باکور توانای پێکهێنانی چەکی ئەتۆمی هەیە، هەروەها ئەوەتا رووسیاو پاکستان و چین و هیندیستان و ئیسرائیل خۆ بە ئاشکرا دەڵێن ئەو چەکە کۆم کوژەیان هەیەو ئێرانیش وا چەند ساڵێکە خەریکی درووست کردنیەتی، لە هەمان کاتدا گەلێک چەکی سرووشتیش هەر وا روو لە نەمانی مرۆڤ دەکات وەک ئینفلۆنزای باڵندەو،

تسونامی و بومەلەرزەو، لافاو...بەڵام ئەم بابەتانە دەبێت چ پەیوەندیەکی لەگەڵ جەژنی جیهانی ژنانەوە هەبێت؟

مێژووی کۆنی بەر لە 30000/2000 ساڵ بە ڕوونی سەلماندۆتی کە دەسەلات تەنها لە ژێر ڕکێفی پیاواندا بوە، وە پیاوان هەمیشە خولیای هەڵگیرساندنی شەڕو ئاژاوەن و جەنگە جیهانیەکان هەر بە خۆیان بەرپایان کردوون و هەر پیاوانیش بوون هەستان بە درووستکردنی ئاینە ئاسمانیەکان و جۆرەها ناویان بۆ خودای مەزن درووست کردوون هەر وەک الله و یەزدان و خوداو بوداو یەهوڤاو...هتد.

- تا ئەوڕۆش پیاوە جوەکان سەر لە بەیانی هەموو ڕۆژێک سوپاسی خودێ دەکەن کە ئەوانی وەک ژن درووست نەکردوە.
- لە ئینجیلا هاتوە کە ژنان لە پەراسووی پیاوان بۆ یەکەم جار خودا دروستی کردوون بۆ ئەوەی ژنان ببن بە خزمەتکاری پیاوان.
- لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە کە ژنان وەک مێرگێک وان و پیاوان بە ئارەزووی خۆیان بۆیان هەیە لێیان نزیک ببنەوەو خۆیان بە سەرداری ژنان بزانن.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە شەڕو کوشتار و جەنگ. پیاوان هەمیشە وا خۆیان دەنوێنن کە زاڵن بە سەر ژناندا، جگە لەوەش خۆیان بە گەورە دەزانن لە بەر ئەوەی کە هێزیان لە ژنان زیاترەو دەتوانن لە شەڕەکاندا بە هۆی باری پتەوی لەشی پیاوانەوە زاڵ بن بە سەر ژناندا و هێزە شاردراوەکانی خۆیان بە سەر لەشە ناسکەکانی ژناندا هێسان دەتوانن بسەلمێنن.

لە زۆر پەڕتوک و چیرۆکەکاندا هەتا ئەوڕۆش هەر باس لە ئازایەتی پیاو دەکرێت، جگە لەو هەموو فلیمەی کە هۆلیوود دەری دەکات ، کە نێوەڕۆکی ئەو فلیمانە زۆربەی باسی هێز و کەرامەتی پیاوان دەکات، ئەوە جگە لەو فیلمە عارەبیانەی کە ڕۆژانە لە کەنالە ئاسمانیەکاندا لێیان دەدەن و سەرکەوتنی پیاوان لەو چیرۆکە درووستکراوانەدا زۆر بە ئاشکرا دیارن و زۆر جاریش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیارە لەو نێوانەدا چلۆن سووکایەتی بە بوونی ژنان بە گشتی دەکەن، لە هەندێک سەرچاوە ئاینیەکانیشدا ڕێدراوە بە پیاوان کە بتوانن تیرۆر یان کوشتن یان لێدان و ئازاردانی ژنان بکەن.

کڵێسەکان زیاتر لە پێنج ملیون ژنیان سووتاند لە ماوەی ئەم 300 ساڵەی دواییەدا، ئەویش بە ناوی ئەوە بوە کە گوایە ئەو ژنانە ساحیر یان فاڵچی یان قەرەج یان دەرمانی سروشتیان درووست کردوون، ئەو ژنانە زۆربەیان بە ئاگر سوتێندران، ئەمە بەشێکی بچووکی بۆچوونی پیاوانی ئاینیە ڕوو بەڕووی ژنانەوە. ئەم ڕووداوە مێژوویان بێگومان گەلێک کاریگەر بوون بۆ نەگەیشتن بەو هیوایانەی کە مرۆڤایەتی خوازیاریان بوون.

نابێت ئەوەشمان بیرچێتەوە کە بەڕاستی بەردەوام بوونی ژیان لە سەر ڕووی ئەم زەمینەدا لە مەترسیدایە، بەروبومە سروشتیەکان خەریکن نامێنن وەک نەوت و کانگەکان و گڕکانەبەرد و

مینەراڵەکان لە نەماندان، مرۆڤ لە بەشێکی ئەو جیهانەدا بە کامەرانی ڕۆژگار بەسەر دەبەن و لە نیوەکەی تریشی لە برساندا ڕۆژانە هەزارەها مرۆڤ سەر دەنێنەوە. خۆ تەنها لە هیندوستان ساڵانە پێنج ملیۆن منداڵ لە برساندا دەمرێت.

بیروباوەڕی ئاینی توندڕەوەکان لە پەرەسەندندایەو، پیاوانی ڕەگەز پەرستیش شان بە شانیان ڕێ دەکەن، وولاتانی جیهان لە کۆششدان بۆ دروستکردنی چەکە ئەتۆمیەکان و ساڵانە چەندەها لەو چەکانە بۆ تاقی کردنەوە دەتەقێندرێنەوەو کاریگەریە نەگەتیڤەکانی لە دوا ڕۆژدا دژوارانە ڕوو لە بنەماکانی مانەوەی ژینگە دەکات.

یەک لەو پرسانەی کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە هەیە ئەوەیە کە ئەگەر هاتو گریمان ژنان لە هەموو وولاتانی جیهاندا حوکم بگێڕن و پیاوانیش شان بە شانیان هاندەریان بن بۆ گەیشتنیان بەو مەرامە و کۆمەڵگای مەدەنی سەر بە جیهانی ئەو کاتە دەشێت مۆمێکی نوێی بۆ داگیرسێت و ڕووناکیەکەی هەر لە دوورەوە شەوق بداتەوە، کۆمەڵگا درووست بوەکە لەو کاتەدا نابێت سزای خۆیان ڕوو بە ڕووی پیاوان بکەنەوە و دژایەتی بوونی پیاوان بکەن و مافەکانیان لێ هەڵگەڕێننەوە..

ئەم داخوازیە لە داهاتودا بەڕاستی کار دەکاتە سەر گشت کۆمەڵگاکان، دەبێت هەر هەمووومان پڕ بە جۆش هەوڵ بدەین کە ژنان بتوانن زیاتر دەسەڵاتیان پێ بدرێت و ژنان خۆشیان کارمەند بن بۆ هاتنە جێی داخوازیەکانیان. با دەست لە ناو دەست تێکۆشین بۆ هێنانە دی ئازادی بیروڕا بۆ یەکسانی نا بەرابەرێکی نەتەوایەتی و ئابوری بۆ بەرابەری کۆمەڵگایەکی یەکسان و بنبڕکردنی هەموو چەشنە ستەمەکان جا هەر بۆیە منیش شادی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بە ڕۆژی جیهانی ژنان.

03-2007